گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/j80sq594

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٤/٠١
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٦/٠١
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: ٢٠٢٥/٠٨/٢٩

# ئەیوبییەکان لە دیدی مێژوونووسانی کورد لە دەرکەوتنیانەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان ( شەرەفخانی بەدلیسی و محەمەد ئەمین زەکی) بە نمونە

لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی و بەراوردکارییە

**خالد جمال عمر[1] - کامەران عەزیز عبدالله[2]**
kamaran.aziz@koyauniversiyty.org - xalid.jamal61@koyauniversity.org

[1+2]بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە ئەیوبییەکان لە دیدی مێژوونووسانی کورد لە دەرکەوتنیانەوە تاکو دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان، وەکو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری و ڕەخنەیی، کەلایەنەکانی مێژووی بنەماڵەی ئەیوبی و هەنگاوەکانی دروستبوونی دەوڵەتەکەیان دەگرێتەوە. پێکهاتەی توێژینەوەکە دابەش دەبێت بە سەر دوو تەوەری سەرەکی، کە هەر تەوەرێك لە سێ خاڵ پێك دێت.
لە تەوەرەی یەکەمدا توێژەر باسی شوێنی ڕەسەن و ڕەچەڵەکی ئەیوبییەکانی کردووە و ڕای مێژوونووسانی کوردی خستۆتە ڕوو، کە ئەوانیش بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانیارییەکانیان ئاماژەیان بەم باسە کردووە و ڕەچەڵەکی ئەیوبیەکانیان گەڕاندۆتەوە بۆ سەر نەتەوەی کورد. هەر لەم تەوەرەیەدا بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی نێو هەردوو پەرتووکی شەرەفنامە و خولاصە باسی سەرەتای پەیوەندی نێوان بنەماڵەی ئەیوبی و بنەماڵەی زەنگیەکان کراوە و هۆکارەکانی کۆچکردنی ئەیوبیەکان بۆ موسڵ خراوەتە ڕوو. پاشان باسی لە دایکبوون و پێگەیشتنی سەڵاحەدینی ئەیوبی کراوە. تەوەرەی دووەمیش کە لە سێ خاڵ پێکدێت، باسی شاڵاوەکانی شێرکۆی کوڕی شادی بۆ سەر میسر کراوە و بەراوردی نێوان نووسینەکانی بدلیسی و ئەمین زەکی کراوە لە سەر شاڵاوەکان. هەروەها لەتوێژینەوەکەدا باسی وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی خیلافەی فاتیمیەکان کراوە لە لایەن سەڵاحەدینەوەو ڕای مێژوونووسان لەسەر هەڵبژاردنی سەڵاحەدین بۆ ئەو پۆستە خراوەتە ڕوو. پاشان باسی بوونی سەڵاحەدین بە کەسی یەکەمی میسر کراوە. لە کۆتایدا توێژەر لە ژێر ڕۆشنای زانیارییەکانی مێژوونووسانی کوردا ئاماژەی بە هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان سەڵاحەدین و نورەدین زەنگی کردووە.

**کلیلە وشەکان:** (ئەیوبییەکان،سەڵاحەدینی ئەیوبی، بەدلیسی، ئەمین زەکی، فاتیمیەکان، زەنگیەکان).

# The Ayyubids from the perspective of Kurdish historians from their emergence to the establishment of their state. Sharafkhani Badlisi and Muhammad Amin Zaki,are models

A comparative and a critical study

**Khalid Jamal Omer [1] - Kamaran Aziz Abdullah [2]**

[1+2]History Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.


## Abstract

The content of this research includes, under the title (The Ayyubids from the perspective of Kurdish historians - from their appearance until the establishment of their state) as a critical analytical study - the dynasty of the Ayyubid House and the steps to establish their state - which includes two main sections, and each section contains three points.

In the first section, the researcher is interested in studying the origins and regions of the Ayyubids and the opinions of Kurdish historians about their origins, who relied on the original primary sources and who concluded that their origins are from Kurdish nationality. Based on the two sources (Sharafnama) and (Summary of the History of the Kurds), which talk about the relationship between the Ayyubid emirate and the Zengid emirate, and the reasons for the migration of the Ayyubids towards Mosul, the birth and upbringing of Saladin Al-Ayyubi was discussed.

The second section, which consists of three points, talks about the attacks of Shirku ibn Shadi on Egypt through the writings of the authors (Al-Badlisi and Amin Zaki), and talks about the Ayyubids assuming the tasks and positions of the Ministry of Caliphate by Saladin Al-Ayyubi - and the opinions of historians and researchers about the reasons for choosing Saladin The Ayyubid religion for this position, and then the research includes the fact that Saladin was the first personality in Egypt. In conclusion, the researcher reached the reasons for the imbalance in the relationship between Saladin and Nur al-Din al-Zengi through information written by Kurdish historians.


**Key words**: (Ayyubids, Salahaddin, Badliesi, Amin Zaki, Fatimi, Zangi).

## پێشەکی :

ئەیوبیەکان پێگەیەکی دیاریان هەبوو لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا و ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە ڕووی سیاسی و سەربازی یەوە لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە سەردەمی سەلاحەدینی دامەزرێنەری دەوڵەتەکەیاندا. هەر بۆیە مێژوو نووسان و توێژەران بە شێوەیەکی گشتی بایەخی زۆریان بە نووسینەوەی مێژووی بنەماڵەی ئەیوبی و دامەزرێنەری دەوڵەتەکەیان داوە. مێژوونووسانی کوردیش پشکی گەورەیان بەردەکەوێت لەو پێناوەدا، دوان لەو مێژوونووسانەش (شەرەف خانی بەدلیسی) کە بە باوکی مێژوونووسانی کورد ناسراوە و (محەمەد ئەمین زەکی) یە، کە بەیەکەم مێژوونووسی کورد دادەنرێت کە بە زمانی کوردی مێژووی نەتەوەکەی نووسیبێتەوە لە سەردەمی نوێدا. بە شێوەیەکی گشتی ئەم دوو مێژوونووسە باسی ئەیوبیەکانیان کردووە لە پەرتووکەکانیاندا کە بەشێك لەو باسە کە دەکاتە سەرەتای دەرکەوتنی بنەماڵەی ئەیوبی تا دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان بابەتی توێژینەوەکەمان پێك دەهێنێت.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی بابەتەکە لەوەدایە کە بە یەکەمین توێژینەوە دادەنرێت لە سەر هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری و خستنەڕووی مێژووی بنەچەی ئەیوبی و هەنگاوەکانی دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان لە هەردوو کتێبی شەرەفنامە و خولاصەدا.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە :

لە بارەی هەڵبژاردنی بابەتەکەش بە لامانەوە گرنگ بوو ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەت بکەین بە شارەزابوون لە بیروبۆچوونی مێژوونووسانی کورد و ئاستی بێلایەنیان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا و ئەمانەت پارێزیان لە گواستنەوە و نووسینی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرچاوەکاندا وەریان گرتووە. هەروەها حەزوو ئارەزوومان بۆ بابەتەکە بە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکی هاوبەشی هەیە لە نێوان کورد و ئیسلامدا، بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نووسینی توێژینەوەکە دەرخستنی گرنگی پێدانی مێژوونووسانی کوردە بە بابەتی ئەیوبیەکان و ئاشناکردنی خوێنەرە بە چۆنیەتی و شێوازی نووسینی بابەتەکە لە هەردوو کتێبی شەرەفنامە و خولاصەدا.

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە میتۆدی ڕەخنەیی و بەراوردکاری بەکاربهێنین و بە شێوەیەکی زانستی ڕەخنە لە شێوازی نووسینەوەی مێژووی ئەیوبیەکان لە هەردوو کتێبی شەرەفنامە و خولاصەدا بگرین و بەراوردکاری لە نێوان نووسینەکانی هەردوو مێژوونووس بکەین و پاشان بەراوردی نووسینەکانیان بکەین لە گەڵ سەرچاوە ڕەسەنەکاندا.

### پێکهاتەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیەمان دابەشکردووە بۆ دوو تەوەرەی سەرەکی بەم شێوەیە: تەوەرەی یەکەم/ بنەماڵەی ئەیوبیەکان. یەکەم: ڕەچەڵەکی ئەیوبیەکان. دووەم: سەرەتای پەیوەندیان بە بنەماڵەی زەنگی. سێیەم: سەلاحەدین لەدایك بوون و پێگەیشتنی. تەوەرەی دووەم/ هەنگاوەکانی دروستبوونی دەوڵەتی ئەیوبی. یەکەم: شاڵاوەکانی شێرکۆ بۆ سەر میسر. دووەم:سەلاحەدین و وەرگرتنی پۆستی وەزارەت. سێیەم: کۆتایی خیلافەتی فاتیمی و بوونی سەلاحەدین بە دەسەلاتداری میسر.

### گرفتی توێژینەوەکە:

وەکو ئاشکرایە لە کاتی نووسینەوەی توێژینەوەدا لە هەموو بوارێکدا توێژەر تووشی کێشە و گرفت دەبێت، یەکێك لەو کێشانە هەوڵدانی زۆرمان بوو بە دوای دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانەی کە مێژوونووسانی کورد زانیارییەکانیان لێ وەرگرتوون.هەروەها یەکێکی تر لە گرفتەکان وەرگێڕانی دەق و بابەتە عەرەبییەکان بووە لە سەرچاوە ڕەسەنەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

### گرینگترین سەرچاوە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە:

لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە سودمان لێبینیووە، هەردوو کتێبی (شەرەفنامە) و (خولاصەی تاریخی کورد و کورستان)ھ بە پێی ئەوەی کە توێژینەوەکەمان پەیوەستە بەو دوو پەرتووکەوە.هەروەها سوودی زۆرمان بە دەستهێناوە لە هەردوو کتێبی (الكامل في التاريخ)ی (ابن الاثير)(م:630ك/1232ز) و (سيرة صلاح الدين الايوبي)(م:632ك/1234ز)ی (بهاالدين ابن شداد) سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پەرتووکانە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەمین زەکی بوونە لە هەمان کاتدا خاوەنەکانیان هاوسەردەمی ئەیوبییەکان بوونە.وە شایانی باسکردنە سوودمان لە زۆرینەی ئەو ژێدەرانە بینییووە کە تایبەتن بە ئەیوبییەکانەوە لە ناویاندا کتێبی (حياة صلاح الدين الايوبي)ی (احمد بيلى).

### تەوەری یەکەم/ بنەماڵەی ئەیوبیەکان

### 1- ڕەچەڵەکی ئەیوبیەکان :

دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی بۆ(الملك الناصر صلاح الدين يوسف بن نجم الدين ايوب بن شادى) (532- 589ك/ 1138- 1193ز) و ناوی دەوڵەتەکەش بۆ (نجم الدين ايوب) (م 568ك/ 1173ز)ی باوکی دەگەڕێتەوە (سبط ابن الجوزى ، 2013: 21/ 144؛ ابن واصل، 1953: 3/1).

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئەیوبیەکان مێژوونووسان ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان نەسەبیان دەگەڕێننەوە سەر ڕەگەزی عەرەب (ابن خلدون، 2000: 326/5؛ المقريزى، 1997: 1/ 148-149) بەڵام زۆرینەی مێژوونووسان ئەسڵیان دەبەنەوە سەر ڕەچەڵەکی کورد و دەیانگەڕێننەوە سەر خێڵی ڕەوادی سەر بەهۆزی گەورەی هەزبانی کوردی. (ابن الأثير، 2003: 16/10؛ ابن خلكان، 1977: 139/7؛ مؤلف مجهول، 2010: 603؛ ابن الوردى، 1996: 73/2).

شەرەفخانی مێژوونووسی کورد بەکورتی باسی ڕەچەڵەکیان دەکات و دەڵێت: (( باپیری پادشاکانی میسر شادی کوڕی مەروانە کە بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر کورد...)).(بدليسى، 2017: 119/1).

هەروەها ئەمین زەکی دوای ئەوەی باسی ڕای جیاوازی مێژوونووسان دەکات لەسەر ڕەچەڵەکیان دەیانگەڕێنێتەوە سەر کورد. هەروەکو ئەوەی کە لە وەڵامی ئیبن خەلدونەدا دەڵێت: ((ئەمانە هیچیان جێگەی باوەڕ نییە و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تاریخ باپیری شادی ناناسرێ)). (زەکی، 2021: 761/2).

کەواتە بنەچەی بنەماڵەی ئەیوبی بۆ شادی [1]دەگەڕێتەوە کە دانیشتووی شاری(دوین)(ابن الوردی، 1996: 75/2)ی پایتەختی میرنشینی شەدادی(340- 468ك/ 951- 1075ز) بووە لە هەرێمی ئاران (محمد، 2021: 8-9).

شەرەفخان باسی شوێنی ڕەسەنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی ئەیوبیەکانی کردووە کە شاری دوینە بەبێ ئەوەی ناوی ئەو سەرچاوەیە بهێنێت کە زانیاری یەکەی لێوەرگرتووە (بدلیسی، 2017: 119/1).

هەروەها ئەمین زەکی بەگەڕانەوەی بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە زانیارییەکەی لێوەرگرتووە باسی ئەوە دەکات کە کوڕانی شادی لەگوندی (ئەجدانکان)ی شاری دوین هاتوونەتە دنیاوە و لە سەردەمێکدا ژیاون کە هێشتا شورەت و باسی حکومەتی شەدادی لە بیر نەچوو بۆوە.( بیلی، 1926: 75؛ زەکی، 2021: 760/2-761). لە ڕیوایەتێکی تر کە ئەمین زەکی لە یەکێك لە سەرچاوەکان وەریگرتووە و وەکو خۆی گێڕاویەتییەوە باسی ئەوە دەکات کە نەجمەدین ئەیوب لە شبختان (شێخان) لە دایك بووە و لە موسڵ گەورە بووە (الحریری، 1985: 154؛ زەکی، 2021: 761/2).

دەتوانین بڵێین هەردوو مێژوونووسی کورد بە جیاوازییان بۆ گەڕانەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانیان ئاماژەیان بە ڕەچەڵەك و شوێنی ڕەسەنی شادی کردووە. سەبارەت بەکۆچکردنی بنەماڵەی ئەیوبی لە شاری دوینەوە بۆ قەڵای تکریت [2]زۆرینەی مێژوونووسان باسیان کردووە و هۆکاری کۆچکردنەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لە نێوان شادی و(مجاهدالدین بهروز)[3]ی کۆنە هەڤاڵی هەبووە کە یەکێك بوو لە کاربەدەستانی سوڵتان مەسعودی سەلجوقی کە لەسەر بانگهێشتی ئەو شارەکەی خۆی بەجێهێشت و کرایە سەرداری قەڵای تکریت(ابن الأثیر، 2003: 307/9؛ ابن خلکان، 1978: 256/1؛ مینۆڕسکی، 2021: 168).

شەرەفخان بەبێ ئەوەی ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکات کە زانیاری یەکەی لێوەرگرتووە بەکورتی دەڵێت:

((.. یەکێك لە بریکارانی مەسعودی، شادی دەکاتە میری قەڵای تکریت)). (بدلیسی، 2017: 120/1).

ئەمین زەکی بە ئاماژەدانی بەکتێبی(ئەنسیکلۆپیدیا) باسی بابەتەکەی کردووە و ناوی مجاهدین بهرۆزی هێناوە، بەڵام دوای خوێندنەوەمان بۆ سەرچاوەی ناوبراو دەرکەوت کە لە ئەنسکلۆپیدیا ناوی مجاهدین بهروز نەهاتووە، بەڵکو نووسراوە: (شادی بە هۆی شەفاعەتی یەکێك لە هاوڕێ کانیەوە کراوە بە سەرداری قەڵای تکریت). (شنتاوی وأخرون، 1998 : 1445/5؛ 2021: 2/ 761).

دەربارەی کاتی کۆچکردنەکەیان، هیچ مێژوونووسێك بەدیاری کراوی باسی ئەوەی نەکردووە کە لە چی ساڵێکدا شادی و کوڕەکانی دوین یان بە جێ هێشتووە و کۆچیان کردووە بۆ تکریت. تەنها ئاماژە بەوە دەکرێت کە: (دوای بیست ساڵ لە هەڵاتنیان سەڵاحەدین لە ساڵی(532ك/ 1138ز) لە قەڵای تکریت لە دایك بووە).(مینۆڕسکی، 2021: 141) واتە دەوروبەری ساڵی(512ك/1118ز) کۆچیان کردووە بۆ شاری تکریت.

## 2- سەرەتایی پەیوەندیان بەبنەماڵەی زەنگی :

کاتێك بنەماڵەی شادی کۆچیان کرد بۆ موسڵ لە ساڵی(532ك/1138ز) چوونە لای بنەماڵەی زەنگی و عمادەدین زەنگی (521-541ك/ 1127-1146ز) پێشوازییەکی گەرمی لێکردن و دیاری و بەخششێکی زۆری پێدان (ابن شداد، 2015: 9). ئەم هەڵوێستە بەهێزەی زەنگییەکان و ئەم پێشوازییە گەرمەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (526ك/1132ز) کاتێك هێزەکەی عیمادەدین زەنگی لە جەنگێکدا بەرامبەر هێزەکانی (المسترشد بالله) (512-529ك/ 1118-1134ز)ی خەلیفەی عەباسی شکستی هێنا لەنزیك شاری تکریت. لەکاتی پاشەکشەی سوپاکەی عیمادەدین زەنگی پەنای بردە بەر نەجمەدین ئەیوب(م 568ك/ 1173ز) والی تکریت، ئەمیش لەگەڵ ئەسەدەدین شێرکۆ(م 564ك/1173ز)ی برای هەستان بە یارمەتیدانی و ڕێگەی ڕزگاربوون یان بۆ ئاسانکردو لە ڕووباری دیجلە پەڕاندیانەوە تاکو گەیشتەوە موسڵ (البیومی، 2008: 47-48؛ السلیفانی، 2012: 52).

ئەم باسە لە کتێبی شەرەفنامە بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی پێنەدراوە. هەرچی کتێبی خولاصەیە بە پشتبەستنی بە یەکێك لە سەرچاوەکان و کورت کردنەوەی باسەکە ئاماژەی پێکردووە بەڵام زانیارییەکانی بەتەواوی وەکو خۆی نەگواستۆتەوە بەوەی کە ئەمین زەکی ئاماژەی بە ساڵی (526ك/1132ز) کردووە وەکو سەرەتایی پەیوەندی نێوان ئەیوبیەکان و زەنگیەکان لە کاتێکدا لەو سەرچاوەیەدا ساڵی(520ك/ 1126ز) تۆمار کراوە بۆ ئەم پەیوەندیە کە ئەویش زانیاری یەکانی وەکو خۆی لە(ابن خلدون) وەرگرتووە (2000: 5/ 361؛ بیلی، 1926: 61؛ 2021 : 762/2). دەتوانین بڵێین ئەو ساڵەی کە ئەمین زەکی ئاماژەی پێکردووە وەکو سەرەتایی پەیوەندی نێوان ئەیوبیەکان و زەنگیەکان بە ساڵی ڕاستی ڕووداوەکە دادەنرێت، بەوەی کە زۆرینەی مێژوونووسان ئەو ساڵەیان دیاریکردووە (سبط ابن الجوزی، 2013 : 44/21؛ ابن تغری بردی، 1992: 4/6؛ مینۆڕسکی، 2021: 168).

هەروەها مینۆرسکی ئاماژە بە سەرەتای دەرکەوتنی بنەماڵەی شادی دەکات وساڵەکەش پشت ڕاست دەکاتەوە هەروەکو دەڵێت: ((یەکەمین مێژووی دیاریکراو لە مێژووی ئەیوبیەکاندا بریتی یە لە ساڵی ( 526ك/ 1132ز) )). (2021: 170).

دوای چەند ساڵێك لە ڕووداوی یەکەم ڕووداوێکی تر ڕوویدا کە بووە هۆکاری ڕاستەوخۆی کۆچکردنی بنەماڵەی شادی بۆ شاری موسڵ و پەیوەندی کردنیان بە دەسەڵاتدارێتی زەنگی یەکانەوە کە ئەویش کوژرانی یەکێك لە ئەفسەرانی قەڵای تکریت بوو بە دەستی شێرکۆی کوڕی شادی، ئەمەش بووە هۆی توڕەبوونی (مجاهدالدین بهروز) بۆیە دەسەڵاتدارێتی تکریتی لە بنەماڵەی شادی وەرگرتەوە و لە شارەکە دەریکردن (ابن الوردی، 1996: 74/2؛ قلعجی، 1992: 152).

شەرەفخان بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەم ڕووداوەی باسکردووە و هەڵوێستی نەجمەدین ئەیوب بەرامبەر ئەم دیمەنە دەخاتە ڕوو دەڵێت :((.. براکەی خۆی گرت و لە بەندی توندکردو هەواڵی ڕووداوەکەشی بۆ ئەو بریکارەی سوڵتان مەسعوود نووسی)).(بدلیسی، 2017: 120/1).

هەروەها کتێبی خولاصە بەبێ ئەوەی ناوی ئەو سەرچاوەیە بهێنێت کە زانیارییەکەی لێوەرگرتووە باسی ڕووداوەکە دەکات و بەهۆکارێکی سەرەکی کۆچی ئەیوبیەکان و پەیوەندیان بە بنەماڵەی زەنگییەوە دادەنێت(زەکی، 2021: 2/ 762).

لێرەدا دەردەکەوێت هەردوو مێژوونووسی ناوبراو بەشێوازێکی جیاواز لەیەکتر گرنگیان بە ڕووداوەکە داوە بەڵام ئەوەی لە شەرەفنامە هاتووە بە تەواوی هاوشێوەی ئەو زانیاری یانەیە کە لە سەرچاوە مێژوویيەکان باسکراوە (ابن خلكان، 1978: 257/1؛ سيد الأهل، 1964: 31).

هەروەها هەندێك لە مێژوونوسان ئاماژە بە هۆکارێکی تری کۆچکردنی ئەیوبیەکان دەکەن بەرەو موسڵ کە ئەویش ئەوەیە (ابو القاسم ناصری دەرگەزینی) (518- 527ك/ 1124- 1133ز) وەزیری سەلجوقی داوا لە نەجمەدین ئەیوبی پارێزگاری قەڵای تکریت دەکات یەکێك لەو گەورە پیاوانە بکوژێت کە دەوڵەت بەندیکردووە لە قەڵاکە، بەڵام نەجمەدین ئەیوب ڕازی نەبوو بەم داواکارییەی وەزیر و ڕەتیکردەوە کاری لەو شێوەیە ئەنجام بدات (أبي شامة ، 2002: 165/2-166؛ توفيق، 2013: 350-351).

ئەوەی جێگەی باسە هەردوو مێژوونوسی کورد باسی ئەم ڕووداوەیان نەکردووە، پێمان وایە هۆکاری باس نەکردنەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو سەرچاوانەی زانیارییەکانیان لێوەرگرتوون ئاماژە یان بەم ڕووداوە نەکردووە.

دوای ئەوەی کوڕانی شادی گەیشتنە شاری موسڵ، عیمادەدین زەنکی لە ساڵی (534ك/ 1139ز) شاری(بەعلەبەگ)[4] ی ڕزگار کردو وەکو پاداشتێك بۆ بنەماڵەی شادی نەجمەدین ئەیوبی کرد بەسەرداری ئەو شارە(بدلیسی، 2017: 120/1؛ زەکی، 2021: 2/ 763)، ئەم باسەی کە مێژوونووسانی کورد ئاماژەیان پێکردووە هاوشێوەی ئەو زانیارییانەیە کە لەزۆرینەی سەرچاوە مێژوویيەکاندا هاتووە(سبط ابن الجوزي، 2013: 44/21؛ قلعجی ، 1992 : 156). بەهۆی ئەوەی سەرکردەیەکی ژیرو دینداربوو نەجمەدین ئەیوب خانەقایەکی لە شارەکە بنیاتنا(بدلیسی، 2017: 120/1)، کە(ابن خلكان) (م681ك/ 1282ز) لەباسیدا دەڵێت:(لە شاری بەعلەبەگ خانەقایەکم بینی کە بۆ سۆفیان دروستکرابوو بەناوی (نەجمية)...)) (1978: 257/1)

ئەوەی جێگەی باسکردنە لە دوای کوژرانی عیمادەدین زەنگی لە ساڵی(541ك/ 1146ز) (ابن الجوزي، 2013: 20/ 360) پەشێوی و ناکۆکی کەوتە نێوان کوڕەکانییەوە لەسەر دەسەڵات و دەوڵەتی زەنگییان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد بەوەی کە نورەدین زەنگی(م569ك/ 1173ز) شاری حەلەبی بەرکەوت و سەیفەدین غازی(م544ك/ 1149ز) برایشی موسڵ(زەینەل، 2012: 46).

لە ئەنجامی ئەم ناکۆکی یە ناوخۆییەی سەرکردەکانی زەنگی لەشکری شام هێرشی کردە سەر بەعلەبەگ و ویستیان بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە بۆیە نەجمەدین ئەیوب لەگەڵیان ڕێکەوت و چووە شام و بووە سەرکردەی سوپاکەیان، هەرچی شێرکۆش بوو لای نورەدین مەحمود مایەوە و بووە سەر لەشکری سوپاکەی. لێکۆڵەران وای بۆ دەچن کە ئەم نەرمی نواندنەی نورەدین بەرامبەر براو سەرکردەکانی تری دەوڵەتەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تاکو خۆیان لە جەنگی ناوخۆ بپارێزن و ئامادەکاری بۆ جەنگێکی دەرەکی بکەن لەگەڵ خاچ پەرستەکان( البيومی، 2008: 53؛ قەفتان، 2009: 167).

شەرەفخانی بدلیسی بەهیچ شێوەیەك باسی ئەم دوو بەرەکی و ناکۆکی یە ناوخۆییەی دەوڵەتی زەنگی نەکردووە، تەنها ئاماژەی بە مردنی عیمادەدین زەنگی و سەردان و پەیوەندی کوڕانی شادی دەکات بۆ لای نورەدین مەحمود(2017: 121/1). ئەمین زەکی بەبێ ئەوەی ناوی هیچ سەرچاوەیەك بهێنێت ئاماژە بە وەفاتی عیمادەدین زەنگی دەکات، بەڵام ساڵی مردنەکەی دیاری ناکات پاشان دێتە سەر باسی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان کوڕەکانیدا، هەروەها ڕۆڵ و جێ دەستی کوڕانی شادی دەخاتە ڕوو لە یەکلاکردنەوەی

ناکۆکییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی زەنگیداو لەو بارەیەوە دەڵێت:( نەجمەدین ئەیوب زانی لەو پاشا گەردانییەدا لەشکری شام بەعلەبەگ داگیر دەکات بۆیە بەفکرێکی دووربین لەگەڵیان ڕێکەوت)(زەکی، 2021: 2/ 763).

سەبارەت بەڕۆڵی کوڕانی شادی لە پاراستنی دەوڵەتی زەنگی بەرامبەر خاچ پەرستەکان ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە ساڵی (543ك/ 1148ز) خاچ دروشمەکان بەسوپایەکی گەورەوە هێرش یان کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی زەنگی، مەبەستی زیاتریان لەو هێرشە شاری دیمەشق بوو کە ویستیان گەمارۆی بدەن و داگیری بکەن، سەربازان و خەڵکی شار پێکەوە بەرگری یان کرد دژی خاچیەکان (ابن الأثير، 2003: 9/ 353). هەروەها سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەڕۆڵی بنەماڵەی شادی دەکەن لە دژی خاچیەکان بەجۆرێك کە یەکێك لە کوڕانی نەجمەدین ئەیوب بە ناوی(شاهنشاه بن ايوب) [5] لەو شەڕەدا دەکوژرێت.(ابن خلكان، 1977: 452/2؛ ابن واصل ، 1953: 113/1).

شەرفخان ئاماژەی بەم بابەتە نەکردووە. هەرچی ئەمین زەکییە بەچەند دێڕێك تەنها باسی بەرگری ئەیوبیەکانی کردووە لە شارەکە و دەڵێت:((نەجمەدین ئەیوب وەختێك کە ئەهلی صەلیب.. شامی موحاصەرەکرد مودافەعەیەکی مەردانەو بەرزی کرد و لافاوی صەلیب شکا و لە شام دوورکەوتەوە)).(زەکی، 2021: 763/2).

پێویست بوو مێژوونووسانی کورد کوژرانی شاهنشاە یان تۆماربکردایە و ئەو قوربانییە گەورەی بنەماڵەی شادی یان بۆ دەوڵەتی زەنگی لەبیرنەکردایە لە کاتێکدا ئەو سەرچاوانەی بدلیسی و ئەمین زەکی پشتیان پێبەستووە باسی کوژرانی شاهنشاە یان کردووە.

## 3- سەڵاحەدین لە دایکبوون و پێگەیشتنی :

ئەمین زەکی بەپشتبەستنی بەکتێبی(طبقات سلاطين الاسلام) ئاماژە بەوە دەکات یوسف کوڕی شادی کە ناسراوە بە سەڵاحەدین ئەیوبی لە ساڵی(532ك/ 1137ز) لەهەمان ئەو ڕۆژەی کە (مجاهدالدين بهروز)(م540ك/ 1145ز) فەرمانی بەدەرکردنی بنەماڵەکەیان کردبوو لەتکریت لەدایك دەبێت، بەووتەی کاتبێکی نەسرانی کەلەخزمەتی سەڵاحەدیندابوو دەڵێت: ((باوکی زۆر عاجزبوو لەطالعی خۆی بێزابوو، لەتەوەللودی ئەم کوڕەی و گریانی زۆر سەغڵەت بوو...)). (2021: 762/2-763).

دوای خوێندنەوەمان بۆ کتێبی(طبقات سلاطين...) بۆمان دەرکەوت کە ئەم باسە لەم پەرتووکەدا بوونی نییە. بۆیە دەتوانین بڵێین کە نووسەر ئەم بابەتەی لە کتێبی(حياة صلاح الدين الأيوبي) وەرگرتووە. بەبەڵگەی ئەوەی کە تەواوی ئەم باسە لەم کتێبەدا هاتووە، هەروەها ئەم پەرتووکە یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکییەکانی ئەمین زەکی لە نووسینی بابەتی حکوومەتی ئەیوبی(بيلى، 1926: 59-60).

لەگەڵ ئەوەی ئەمین زەکی ناوی سەرچاوەی زانیارییەکانی بە هەڵە نووسیووە، بەڵام دەکرێت بڵێین ڕاستی گوتووە. بە پێی ئەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە کتێبی خولاسە داهاتووە دەربارەی لە دایکبوونی سەڵاحەدین هەمان ئەو زانیاری یانەیە کە لە سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان باسکراوە(ابن خلكان، 1977: 145/7؛ السبكي، 1918: 341/7).

دەربارەی پەروەردەو پێگەیشتنی سەڵاحەدین، ئەمین زەکی لە هەردوو پەرتووکی (خولاصە) و (مشاهير الكرد و كردستان)دا دەڵێت: ((دەربارەی سەرەتاکانی ژیانی منداڵی، تاریخ هیچ نازانێ)). ( 2006 : 7/1؛ 2021: 2/ 764). هەروەها نووسەر لە زاری(لين بول)هوە دەڵێت: ((ئەبێ صەڵاحەدینیش وەکوو ئەمیرزادەکانی تر لە حوجرەدا قورئانی خوێندبێ و فێری خوێندن و نووسین بووبێ. دیسان هەر لە بەعلەبەگدا کتێبی صەرف و نەحوی تەواو کردبێ و مەبادیی شیعرو ئینشا و عیلمی حدیث و بەعضێ شتی تر فێربووبێ...))(زەکی، 2021: 2/ 764).

دوای خوێندنەوەمان بۆ کتێبی ناوبراو بۆمان دەرکەوت کە ئەمین زەکی زانیارییەکانی لەو کتێبە وەرنەگرتووە، چونکە لەم کتێبە تەنها باسی ئەوە کراوە کە سەڵاحەدین کراوە بە حاکمی شام لەلایەن نورەدین زەنگییەوە(لين بول، 1969: .71).

هەروەها ئەمین زەکی ئاماژە بەناوی ئەو زانایانە دەکات کە ڕۆڵیان هەبووە لە فێرکردن و پەروەردەکردنی سەڵاحەدین و دەڵێت: (( صەڵاحەدین عیلمی حەدیثی لەلای حافظ ئەبوطاهیر سەلەفی و ئەبوطاهیر بن عەوف و شێخ قوطبەدینی نیشاپووری و عەبدوڵلا بن بەری نەحوی و بەعضێ مامۆستای بەشوهرەت خوێندووە)).( 2021: 2/ 764-765). ناوبراو ئەم زانیارییانەی لەیەکێك لە سەرچاوە ڕەسەنەکان وەرگرتووە و وەکو خۆی و بەبێ دەستکاری گێڕاویەتییەوە(السبكي، 1918: 340/7). سەبارەت بەو یارییانەی سەڵاحەدین ئارەزووی کردووەو لەسەردەمی لاوی ئەنجامی داوە، مێژوونووسان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆر حەزی لە یاری گۆ و گۆچان(کرة والسلجان)[6]کردووە، ئەم یارییەشی زیاتر لەگەڵ نورەدین زەنگی ئەنجامداوە(جب، 1996: 118؛ قەفتان، 2009: 168؛ زەینەل، 2012 : 52).

بەدلیسی ئاماژەی بەم بابەتە نەکردووە. هەرچی ئەمین زەکی یە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکات کە بەشێك لە مێژوونووسانی غەرب دەڵێن:((صەلاحەدین دەوامی مەجلیسی سوڵتان نورەدینی ئەکرد بە صیفەتی ئەوەی کە کوڕی حاکمی شام بوو.. بێ شوبهە یاری(گۆو گۆجان)ی ئەکرد، بەعضەن لەگەڵ سوڵتان نوورەدین ئەم یارییەی ئەکرد)).(2021: 765/2).

هەروەها سەرچاوە مێژووییەکان بەشێك لە بەهرەو توانای ئەسپسواری سەڵاحەدین دەگەڕێننەوە بۆ ئەو پەروەردەیەی کە باوکی کردوویەتی، چونکە نەجمەدین ئەیوبی باوکی توانا و بەهرەی باشی هەبووە لە بواری ئەسپسواری(ابن واصل، 1953: 1/ 230؛ الحنبلی ، 1996: 75-76).

ئەمین زەکی بە گەڕانەوەی بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە زانیارییەکانی لێوەرگرتووە دەڵێت: ((بە موقتەضای قەومییەتی کوردی، سوارێکی چاك بوو و لە شەجاعەت و شەهامەت دا سەرفراز بوو)).(بیلی، 1926: 70؛ زەکی، 2021: 765/2). دەتوانین بڵێین هەروەکو ئەمین زەکی ئاماژەی پێداوە کە کەمترین زانیاری لەسەر سەردەمی منداڵی سەڵاحەدین هەیە. (2021: 764/2).

بۆیە دوای خوێندنەوەمان بۆ بەشێك لە سەرچاوە ڕەسەنەکان بۆمان دەرکەوت کە بەهیچ شێوەیەك باسی منداڵی و پێگەیشتنی سەڵاحەدین نەکراوە لە کتێبی(الكامل في التاريخ)دا. هەرچی الحنبلي (م876ك/ 1472ز) یە بەچەند دێڕێك باسی ئەوەی کردووە کە ناوبراو لە ژێر سایەی باوکی گەشەی کردووەو لە ناو دەوڵەتەکەی نورەدین زەنگی پێگەیشتووە(2003: 61).

هەروەها هەردوو مێژوونووسی هاوچەرخی دەوڵەتی ئەیوبی دەڵێن: ((کە لەگەڵ باوکیا لە بەعلەبەگ وە هاتەوە شام، دائیمەن لە خزمەت باوکیا بووە و لە فضڵ و کەمالی ئەو ئیستفادەی ئەکرد تا شۆرەتی سەند، لە دوایی دا سوڵتان نورەدین حەیرانی زەکاو کەماڵاتی بووە، ڕۆژ بە ڕۆژ مەقامی گەورەتر کرد)).(ابن شداد، 2015: 9؛ ابن خلكان، 1977: 7/ 145).

ئەمین زەکی وەکو خۆی ئەم دەقەی لەکتێبی(النوادر السلطانية)وەرگرتووەو گێڕاویەتییەوە(زەکی، 2021: 765/2). پاشان ئەمین زەکی بەگەڕانەوەی بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە زانیارییەکەی لێ وەرگرتووە دەڵێت: ((سوڵتان نورەدین ساڵی (560ك/ 1165ز) دایمەزراند بە سەر پۆلیسی شام)).(سبط ابن الجوزي، 2013: 52/21؛ 2021: 765/2).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مێژوونووسانی کورد ئاماژە بە هیچ دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی یەکی سەڵاحەدین ناکەن تاکو ساڵی(560ك/ 1165ز).هەروەها لە گەڵ ئەوەی ئەمین زەکی زۆرجار بە شێوەی هەڵە ناوی ئەو سەرچاوانەی نووسیووە، کە زانیارییەکانی لێ گواستوونەتەوە بەڵام بە بەراورد بە شەرەفخان بە شێوەیەکی زیاتر ئاماژەی بە سەرچاوەی نووسینەکانی کردووە.

## تەوەری دووەم/ هەنگاوەکانی دروستبوونی دەوڵەتەکە

### 1- شاڵاوەکانی شێرکۆ بۆ سەر میسر:

### أ / هەڵمەتی یەکەمی شێرکۆ بۆ سەر میسر لە ساڵی(559ك/ 1163ز):

دیارە هۆکاری شاڵاوەکانی شێرکۆ بۆ سەر میسر دەگەڕێتەوە بۆ شێواوی و ناهەمواری بارودۆخی سیاسی میسر کە ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی وەکو بچووکی و کەمی تەمەنی خەلیفەی دەوڵەتی(الفاطمي) کە لەو کاتەدا تەمەنی نزیکەی(12)ساڵ بووە هەروەکو (ابن کثیر) دەڵێت: ((العاضد لە ساڵی(546ك/ 1151ز) لە دایك بووە)).(الاصفهانی، 2002: 401؛ 1998: 451/16). کە ئەمەش بوو بووە هۆی دەستێوەردانی وەزیرەکان لە کاروباری دەوڵەت و تەنانەت کاروباری خودی خەلیفەش، کەلەوکاتەدا سێ وەزیر حکومڕانییان دەکرد کەئەوانیش( العادل بن رزيك و الملك المنصور ضرغام و شاور بن مجيد السعدي) تەنانەت دەسەڵاتی وەزیرەکان بە شێوەیەك پەرەی سەندبوو، کە(ابن الأثیر) لەو بارەیەوە دەڵێت: ((ضرغام هەر کە وەزارەتی کەوتە دەست زۆرێك لە میرەکانی میسری کوشت تا وولاتەکەی بەبێ ڕکابەر بۆ تەخت بێ...)).(2003 : 460/9). بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتەکەی و ڕزگاربوونی لە(ضرغام)ی وەزیر، شاور پەنای برد بۆ شام و هانای بردە لای نورەدین مەحموودی کوڕی عیمادەدین زەنگی و بەڵێنی سێیەکی داهاتی میسرو دابینکردنی ئەرك و مەسروفی سوپاکەی و شێرکۆش بێ بە فەرماندەی لەشکری میسرو بەخۆی و لەشکرەکەیەوە لە وولاتەکە نیشتەجێ ببن، هەروەها شێرکۆ بەفەرمانی نورەدین زەنگی بجوڵێتەوە لە خاکی میسردا. (ابن الأثیر، 2003: 465/9؛ ابن العدیم، 1954: 316/2). هەرچەندە ڕێگای میسر پڕ مەترسی بوو بەهۆی ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی سەربازانی خاچدروشماندا بوو لەگەڵ ئەوەشدا بڕوا و متمانەی تەواوی بەبەڵێن و پەیمانەکانی شاور نەبوو.(ابن واصل، 1953: 1/ 138؛ الحنبلي، 1996: 60). لەگەڵ بوونی ئەو بەربەست و کێشانەی بەردەمی نورەدین زەنگی بڕیاریدا کۆمەك بەشاور بکات و لەشکرەکەی بەرەو میسر بجوڵێنێت چونکە سەرەڕای ئەوەی میسر کەوتبووە ژێر مەترسی هێرشی خاچدروشمانەوە هەروەها خاوەن

پێگەیەکی ستراتیژی گرنگ و ئابوورییەکی دەوڵەمەند بوو بەشێوەیەك کە(ستیڤن رنسیمان) دەڵێت:((داهاتی میسر حەدد و حیسابی نەبوو)).(1993: 2/ 673).

سەبارەت بە شاڵاوەکانی شێرکۆ، شەرەفخانی بەدلیسی بە چەند دێرێکی کەم و بەبێ ئاماژە کردن بە سەرچاوەی زانیارییەکانی دەڵێت: ((بۆ بەرپەرچدانەوەی فەرەنگیەکان(عاضدالدين الله) (546- 567ك/ 1151- 1171ز)ی خەلیفەی فاتیمی دەست و داوێنی نوورەدین بوو هەتا بگاتە فریای. ئەویش سێ جاران ئەسەدەدینی بە لەشکرێکی قورس و گرانەوە نارده هانای...)).(2017: 121/1).

هەرچی ئەمین زەکییە بەبێ ئەوەی باسی هۆکارەکانی ئەم شاڵاوە بکات بۆ سەر میسر تەنها ئاماژە بە ناردنی هێزی شام دەکات لە سەر داوای شاوری وەزیری فاتیمی ( 2021 : 2/ 766).

نورەدین زەنگی بۆ پێشەوایەتی ئەم لەشکرە ئەسەدەدین شێرکۆی هەڵبژاردووە، کە مێژوونووسان هۆکاری ئەم هەڵبژاردنەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە :(شێرکۆ کەسێکی ئازاو بەجەرگ بووە و شوێن دەستی دیاربووە هەروەها نورەدین زۆر لێی ڕازی بووە بۆیە ئەو ئەرکەی پێ سپاردووە). (ابن الأثير، 1963: 120؛ ابی شامە، 2002: 1-355/2).

مێژوونووسانی کورد باسی هۆکاری دەستنیشانکردنی شێرکۆ ناکەن بۆ ئەم هێرشە. سەرچاوە مێژووییەکان باسی هاوەڵێتی سەڵاحەدین دەکەن لەگەڵ شێرکۆی مامی لەم شاڵاوەدا بەجۆرێك کە تەمەنی لە بیست و حەوت ساڵ زیاتر نەبووە. (ابن العديم، 1954: 316/2؛ ابی شامە، 2002: 1-354/2).

ئەمین زەکی ئاماژەی بەم بابەتە کردووە و لە زاری( ابن شداد) (م 632ك / 1134ز) ەوە وەکو خۆی باسەکەی گێڕاوەتەوە و دەڵێت: ((ئەسەدەدین شێرکۆ هەرچی ئەکرد ، بە پرس و ڕای ئەمیر صەلاحەدین ئەیکرد، چونکە زۆر لە عەقڵ و حوسنی تەدبیری ئەمین بوو)). (2015: 28؛ 2021: 766/2).

بەدلیسی ئاماژەی بەساڵی شاڵاوەکە نەکردووە. بەڵام ئەمین زەکی بە گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەی زانیارییەکەی کە(ئەنسیکلۆپێدیای ئیسلام)ە ساڵی(562ك/1166ز) دیاریکردووە. دوای خوێندنەوە بۆ (ئەنسیکلۆپێدیای ئیسلام) بۆمان دەرکەوت کە ساڵی(559ك/1163ز) نووسراوە لەم سەرچاوەیەدا بەڵام زەکی بەهەڵە ساڵەکەی گواستۆتەوە.(شنتاوی وأخرون، 1998: 4272/14؛ 2021: 766/2).

هەرچەندە(ابن شداد) دەڵێت: ((ساڵی(558ك/ 1162ز) شێرکۆ ڕۆشت بۆ میسر)).(2015 : 28). بەڵام دەتوانین بڵێین ساڵی دروست(559ك/ 1163ز)یە بە پێی ئەوەی کە لە زۆرینەی سەرچاوەکاندا هاتووە.( ابن العديم، 1954: 361/2؛ ابی شامە، 2002: 1-2/ 354؛ ابن العبري، 1997: 183؛ السليفاني، 2012: 56).

مێژوونووسانی کورد هاوشێوەی زۆرینەی سەرچاوەکان ژمارەی سەربازانی شاڵاوی یەکەم یان دیاری نەکردووە. هەروەها یەکێك لە مێژوونووسان بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئاماژە بە ژمارەی سەربازانی ئەم شاڵاوە دەکات و دەڵێت : ((نورەدین مەحمود سوپایەکی گەورەی ڕەوانەی میسرکردووە)). (ابن الاثير ،2003: 465/9). هەر کە شێرکۆ گەیشتە میسر لە دوای گرتنی شاری(فوسطاط) [7]، لەشکری ضرغامی لە شاری(بلبیس)[8] ی پارێزگای قاهیرەدا شکاندو توانی(ضرغام) بکوژێت و شاور کرایەوە بە وەزیری خیلافەت و پشتی کردە شێرکۆ و نەیهێشت بێتە ناو شاری قاهیرەوە. هەروەها شاور داوای یارمەتی لە(ئیملریك) ی پاشای قودس کردو ئەویش لەشکرێکی بەهێزی ناردە سەر میسر دژی سوپاکەی شێرکۆ. (زەکی، 2021 : 766/2).

هەرچەندە ئەمین زەکی ناوی ئەو سەرچاوانەی نەهێناوە کە زانیارییەکانی لێوەرگرتووە، بەڵام دەتوانین بڵێین زانیارییەکانی دروستن. بەبەڵگەی ئەوەی هاوشێوەی ئەو زانیاریانەن کە لە زۆرینەی سەرچاوەکاندا باسکراون (ابن العديم، 1954: 317/2؛ ابن العبري، 1997: 184؛ عاشور، 2014: 49).

لە دوایدا خاچدروشمان داوای ئاشتییان لە شێرکۆ کرد و هەردوولا بڕیاریاندا بگەڕێنەوە شام (ابن خلدون، 2000: 328/5؛ زەکی، 2021: 767/2).

## ب / هەڵمەتی دووەمی شێرکۆ بۆ سەر میسر (562ك/ 1167ز):

دوای سێ ساڵ لە شاڵاوی یەکەم، عازیدی خەلیفەی فاتیمی نامەیەکی بۆ نورەدین مەحمود نارد و سکاڵای لە شاوری وەزیری کرد دەربارەی ئەو زوڵم و ستەمەی کە لە میسر ئەنجامی دەداو داوای بەدەمەوە هاتنی لێکرد. (سبط ابن الجوزی، 2013: 133/21). نورەدینیش

بۆ جاری دووەم سوپایەکی بەسەرکردایەتی شێرکۆ و هاوەڵێتی سەلاحەدین نارده سەر میسر لەساڵی(562ك/ 1167ز) (ابن العدیم، 1954: 322/2؛ ابن واصل، 2010: 2/ 206).

بدلیسی بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بەم شاڵاوە نەکردووە تەنها بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی شاڵاوەکانی شێرکۆ بۆ سەر میسر دەڵێت: ((لەسەر داوای عازیدی خەلیفەی فاتیمی نورەدین مەحمود سێ جاران ئەسەدەدین شێرکۆی بە لەشکرێکی گەورەوە نارده هانای خەلیفە)). (بدلیسی، 2017: 121/1).

هەرچی کتێبی خولاصەیە گرنگی بەم شاڵاوە داوەو بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەی زانیارییەکانی هەمان ساڵی سەرچاوە ڕەسەنەکانی نووسیووە کە ساڵی (562ك/ 1167ز)یە، هەروەها دەربارەی ژمارەی سەربازانی شاڵاوەکەش ئەمین زەکی دەڵێت: ((..شێرکۆ بە خۆی و سەلاحەدین و لەشکرێکی دوو هەزار کەسی ڕووی کردۆتە میسر...)). (2021: 767/2). ئەم ژمارەیەی نووسەر ئاماژەی پێداوە هەمان ئەو ژمارەیەیە کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە(ابن الأثیر، 1963: 133؛ ابن واصل، 1953: 148/1). ئەو سوپایە دوای بڕینی ڕێگایەکی زۆر گەیشتە شاری(ئوطفیح) لەبەری ڕۆژهەڵاتی نیل، لەوێشەوە خۆیان گەیاندە جیزە(البنداری، 1979: 20). بەپێی گێڕانەوەی ئەمین زەکی لەشکری مەلیکی قودسیش لەبەرامبەریان بوو لە کەناری نیل.(2021: 767/2).

بۆیە شاور داوای هاوکاری لە شا ئاموری کردو ڕێکەوتنیان لە نێوان خۆیاندا ئەنجامدا بەوەی کە شاور دووسەد هەزار دینار بداتە خاچپەکان لەبەرامبەر یارمەتیدانیان بۆ شاور دژی شێرکۆ(محمد، 2021: 21)

کتێبی خولاصە بەبێ ئەوەی باسی ناوەڕۆکی ئەم ڕێکەوتنامەیە بکات بە کورتی ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت:((بە گوێرەی ئەم موعاهەدەیە، میصر کەوتە ژێر حیمایەی مەلیکی قودسەوە)). (2021: 767/2).

پاشان لەشکری فەرەنگەکان و میسریەکان بەرەو کەناری خۆرئاوای نیل ڕۆشتن و لەم کاتەدا سوپای ئەسەدەدین بەرەو بەری(صعید)ی میسر ڕۆشت و هەردوولا لە ناوچەیەك بەیەکگەیشتن کە پێی دەگوترا(البابین)[9] (ابن واصل، 1953: 150/1؛ عاشور، 2014: 53).

لەم شوێنەدا شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ڕوویدا و لە ئەنجامدا لەشکری شێرکۆ سەرکەوتنی بەدەستهێناو سوپای فەرەنگەکان و میسریەکان شکان. لەئەنجامدا شێرکۆ توانی دەستبەسەر شاری ئەسکەندەریە بگرێت و بۆ سەلاحەدین بەجێی بهێڵێت و خۆی گەڕایەوە بۆ(صعید) (ابن الأثیر، 1963: 133؛ 2003: 3/10).

بدلیسی بە هیچ شێوەیەك وەکو لە سەرەتادا باسمان کرد ئاماژەی بەم شاڵاوە نەکردووە. هەرچی ئەمین زەکییە بەشێوازێکی کورت و پوخت بەبێ ناوهێنانی ئەو سەرچاوانەی زانیارییەکانی لێوەرگرتووە هاوشێوەی سەرچاوە ڕەسەنەکان باسی ئەم جەنگەی کردووە.(2021: 2/ 768-767).

ئەوەی شایانی باسکردنە مێژوونووسانی کورد هاشێوەی مێژوونووسانی هاوچەرخی ئەیوبی ئاماژەیان بە ڕێکەوتی ڕوودانی جەنگەکە نەکردووە. تەنها ڕێکەوتی بەیەکگەیشتنی ئەم دوو سوپایەیان لە ناوچەی (البابین) تۆمارکردووە.(ابن الأثیر، 2003: 3/10؛ ابن واصل، 1953 : 1/ 150).

لە کۆتای ئەم شاڵاوەدا هەروەکو ئەمین زەکی ئاماژەی پێداوە هەردوو لەشکری قودس و شام صوڵحیان کردو بڕیاریاندا میسر بەجێ بهێڵن(2021: 768/2).

## ج / هەڵمەتی سێ یەمی شێرکۆ بۆ سەر میسر(564ك/1169ز):

لەدوای ئەوەی شێرکۆ و أموری پادشای قودس بەپێی ڕێکەوتننامەیەك گەڕانەوە وڵاتی خۆیان، پاشان أموری پێچەوانەی ڕێکەوتننامەکە گەڕایەوە میسر.( زەکی، 2006: 8/1) بەرەو شاری فوستان پێشڕەوی کرد، پێش ئەوەی بگاتە شارەکە، شاور هەڵسا بە سوتاندنی شارەکە و فەرمانی بەخەڵکەکەی کرد کە کۆچ بکەن بۆ قاهیرە، شاور بەم کارەی مەبەستی بوو کە خاچپەرستان دەست بەسەر شاری قاهیرەدا نەگرن.(عمر و حسین، 1987: 236). (ابن خلدون: م808ك/ 1406) دەڵێت: (( بڵێسەی ئاگرەکە دوو مانگی خایاند...)). (2000: 5/ 329). زۆرینەی مێژوونووسان بایەخیان بەم کارەساتە داوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاگرەکە پەنجاو چوار ڕۆژی خایاندووە. (ابی شامە ، 2002: 33/2؛ ابن واصل، 1953: 1/ 157؛ الحنبلی، 1996 : 67).

مێژوونووسانی کورد باسی ئەم ڕووداوەیان نەکردووە. دوای ئەمە خەلیفەی میسر داوای بە هاناوە هاتنی لە نورەدین کردو نامەیەکی تایبەتی بۆ نارد و تەنانەت قژی سەری ژنانی کۆشکی بۆ خستبووە ناو نامەیەکەوە کە تیایدا نووسرابوو: ((ئەمە قژی سەری ئەو ژنانەی یە کە لە کۆشکی من دان، داوا دەکەن تۆ پەنایان بدەی و ئەوان لەدەستی خاچپەرستەکان رزگار بکەی)). (ابن الأثير، 1963: 138؛ 2003: 13/10).
ئەمین زەکی باسی نامەکەی نەکردووە، بەڵام ئاماژەی بەوە کردووە کە سوڵتان نورەدین لە سەر پاڕانەوەی خەلیفە هێزێکی هەشت هەزار کەسی لە ژێر فەرماندەی شێرکۆ بەرەو میسر ڕەوانەکرد.(2021: 769/2) ئەو ژمارە سەربازەی کە لە خولاصە داهاتووە هەمان ئەو ڕێژەیەیە کە لە سەرچاوەکاندا باسکراوە (ابن الاثير، 1963: 139؛ 2003: 14/10).
کاتێك لەشکرەکەی شێرکۆ گەیشتە میسر، فەرەنگەکان میسریان بەجێهێشت و گەڕانەوە وولاتەکەی خۆیان، پاشان شێرکۆ گەیشتە قاهیرە و لەگەڵ خەلیفە کۆبۆوە هەروەکو ئەوەی(ابن واصل: م697ك/ 1297ز) دەڵێت: (( شێرکۆ چوو بۆ کۆشك بۆ لای خەلیفە و لەگەڵیدا کۆبوویەوە...)). (1953: 161/1). ئەمین زەکی بەهەمان شێوە باسی پێشوازی و بەخێرهاتنی شێرکۆ دەکات لەلایەن خەلیفە و خەڵکی قاهیرەوە.(2021: 769/2). پاشان شاور دەستیکردەوە بە فرۆفێڵ وبێ بەڵێنی بەرامبەر شێرکۆ، بۆیە ویستی شێرکۆ و هاوەڵانی دەعوەت بکات و ژەهر خواردیان بکات، بەڵام کوڕەکەی شاور کە ناوی کامل بوو نارازی بوو هەڕەشەی ئاشکراکردنی ئەم پیلانەی کرد لای شێرکۆ.(ابو الفداء، 1999: 60/3؛ عاشور، 2014: 57). خولاصە بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاماژەی بەم بابەتە کردووە (زەکی، 2021: 769/2). بۆیە لەسەر داوای خەلیفە(العاضد) شێرکۆ هەستا بەکوشتنی شاور و کەلەی سەریشی بۆ خەلیفە نارد (ابن واصل، 1953: 161/1)، هەروەها هاوشێوەی سەرچاوەکان ئەمین زەکی دەڵێت: ((خەلیفە عازید ئەسەدەدین شێرکۆی بانگکرد و خەڵاتی وەزیری و لەقەبی (الملك المنصور أمير الجيوش)ی دایە)). (ابن العديم، 1954: 2/ 328؛ ابو الفداء، 1999: 60/3؛ 2021: 2/ 770).
دەتوانین بڵێین کتێبی خولاصە بەپێچەوانەی شەرەفنامەوە بایەخ و گرنگی بە شاڵاوەکانی شێرکۆ داوە و بەشێوەیەکی کورت و پوخت لە ژێر ناونیشانی دیاریکراودا باسی هەر سێ شاڵاوەکەی شێرکۆی بۆ سەر میسر کردووە.

## 2- سەڵاحەدین و وەرگرتنی پۆستی وەزارەت :

لە دوای وەفاتی شێرکۆی مامی لە ڕۆژی شەممە(22ی جماد الاخرەی ساڵی 564ك/ 23مارس 1169ز) (ابی شامه، 2002: 2/ ل47). کە ماوەی دەسەڵاتدارێتی دوومانگ و پێنج ڕۆژ بوو(ابن الاثير، 1963: 141). سەڵاحەدینی ئەیوبی لە تەمەنی سی و دووساڵی لە(25ی جمادی الاخرەی 564ك/ 26 مارس 1169ز) پۆستی وەزارەتی دەوڵەتی فاتیمی وەرگرت. (البنداری، 1979: 42).
مێژوونووسانی کورد بەشێوەی جیاواز باسی وەرگرتنی پۆستەکەیان کردووە. بدلیسی بەبێ ئەوەی ئاماژە بەڕێکەوتی ڕووداوەکە بکات، باسی ئەوە دەکات کە سەڵاحەدین لە دوای مردنی مامی کراوە بە وەزیر(2017: 1/ 122). ئەمین زەکی بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەی زانیارییەکانی بە شێوەیەکی کورت لە دێڕێکدا باسی دەکات و دەڵێت: ((ئەمیر لە دوای سێ ڕۆژ تەعزیەی مامی، فەرمانی خەلیفە بۆ وەزارەتی صادیر بوو)). (2021: 770/2)، هەروەها بەپێی گێڕانەوەی ئەمین زەکی لە هەردوو کتێبی(خولاصە)و (مشاهير الكرد و كردستان) وگێڕانەوەی بدلیسی لە شەرەفنامە، خەلیفەی فاتیمی نازناوی(الملك الناصر ابو المظفر صلاح الدنيا والدين)ی بەسەڵاحەدین بەخشی (2017: 122/1؛ 2006: 8/1 ؛ 2021 : 770/2).
هەرچەندە مێژوونووسانی کورد ئاماژەیان بەسەرچاوەی زانیارییەکانیان نەکردووە، بەڵام ئەوەی کە باسیان کردووە هاوشێوەی سەرچاوە ڕەسەنەکانە.(ابی شامه، 2002: 48/2؛ ابن خلدون، 2000: 331/5).
سەبارەت بە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی سەڵاحەدین لەلایەن خەلیفەوە بۆ بوونی بە وەزیری خەلافەتەکەی. مێژوونوسان ڕای جیاوازیان هەیە، کە یەکێك لەوانە کەم تەمەنی و بێ توانای سەڵاحەدین دەخرێتە ڕوو کە(ابن الأثير) ئاماژە بەوە دەکات کە دارو دەستەی خەلیفە بەعازید یان گوت: (( لە نێو ئەو فەرماندانەی کە لە شامەوە بۆ میسر هاتوون، بێ تواناترو کەم تەمەنتر لە یوسف یان تیانیە، باشترە ئەو ببێتە وەزیر لەبەر ئەوەی بەبڕیاری ئێمە دەجوڵێتەوە)). (2003: 17/10؛ ابن خلدون، 2000: 331/5؛ عاشور، 1965: 81).
بدلیسی بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بەم هۆکارە نەکردووە. هەرچی ئەمین زەکییە بە پێچەوانەی زۆرینەی مێژوونوسانەوە ڕای وایە کە سەڵاحەدین لە دوای پێگەیشتنی تەواوەتی گەیشتۆتە ئەم پۆستەو دەڵێت: ((مەلیك ناصر..لە دوای تەکامولێکی سیاسی و عەسکەری، گەیشتە ئەم مەقامە بڵندە)).(2021: 770/2).

ئێمە پێمان وایە ڕای ئەمین زەکی گونجاوترە. بەبەڵگەی ئەوەی کە کاتێك سەڵاحەدین بۆتە وەزیر کەم تەمەن نەبووە، بەڵکو تەمەنی سی و دوو ساڵ بووە.(البیرشاندور، 1988: 82).

هەروەها کەسایەتییەکی بەهێزو بە توانای هەبوو بە پێی ئەوەی کە لە هەرسێ شاڵاوەکەی شێرکۆ دا بەشدار بووە و ڕۆڵێکی سەربازی گەورەی گێڕاوە.(محمد، 2021: 33)، لەگەڵ ئەوەشدا فەقێ عیسای هەکاری(م585ك/ 1189ز) ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە لە پاشگەزکردنەوەی ئەو سەرکردانەی کە دەیانویست ببن بە وەزیر کە ئەوانیش(شهاب الدین الحارمی) و (سیف الدین المشطوب) و (قطب الدین خسرو بن تلیل)و(عین الدین الیاروقی) بوون (ابن الاثیر، 2003: 17/10؛ البیرشاندور، 1988: 87)، کە هەر یەکەیانی بەڕێگەو هۆکارێکی جیا لەوەی تر ڕازی کرد، کە بە(صیف الدین مشطوب)ی گوت: ((هەتا ئەوانی تر هەبن وەزارەت بە تۆ ناگات...)). پاشان بە هۆکاری نزیکی خوێن و خزمایەتی(شهاب الدین محمود الحارمی) ڕازی کردو پێی گوت: ((ئەم سەڵاحەدینە خوشکەزای تۆیە...)).(ابن الاثیر، 1963: 142)، هەروەها هەمان ڕەفتاری لەگەڵ سەردارانی تری ناڕازیکردو لە دوایدا هەموویان بە وەزیرایەتی سەڵاحەدین ڕازیبوون جگە لە(عین الدین الیاروقی) کە گوتی:((من نابمە خزمەتکاری یوسف)).(ابی شامە، 2002: 49/2).

مێژوونووسانی کورد گرنگییان بەم باسە نەداوەو ڕۆڵ و دڵسۆزی فەقێ عیسای هەکاریان نەخستۆتەڕوو لە لابردنی کۆسپ و بەربەستەکانی بەردەم سەڵاحەدین بۆ بوونی بە وەزیر، بدلیسی هیچی لەم بارەیەوە باس نەکردووە. ئەمین زەکی بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەی زانیارییەکانی و باسی ڕۆڵی فەقێ عیسا، بەکورتی دەڵێت: ((بەعضێ لە ئۆمەرای شام لەمە مەمنوون نەبوون و گەڕانەوە شام و ئەمەش ئەثەری حەسوودی بوو)).(2021: 770/7).

دوای ئەوەی سەڵاحەدین جێگیر بوو لە میسر و گوێڕایەڵی خەڵکی بەدەستهێنا، داوای لە نورەدین محمود کرد کە خێزانەکەی بۆ لای بنێرێت و بە دیداریان شادبێتەوە، نورەدینیش داواکەی جێبەجێکردو خێزانەکەی بۆ لای ناردو داوای لێکردن گوێڕایەڵی بڕیارەکانی سەڵاحەدینی کوڕیان بن و یارمەتی بدەن لە جێ بەجێکردنی کارەکانیدا.(ابن الاثیر، 1963: 143).

مێژوونووسان دیدارەکەی(نجم الدین ایوب) و سەڵاحەدینی کوڕی بە هاوشێوەی دیداری نێوان پێغەمبەر(یعقوب) و (یوسف)ی کوڕی دادەنێت.(ابی شامە، 1999: 141؛ ابن واصل، 1953 : 186/1).

بدلیسی هاوشێوەی مێژوونووسان وەسفی شادبوونەوەی سەڵاحەدین بەباوکی دەکات و بە ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز ئەو دیمەنە وێنا دەکات(( چاوەکانی لە سوێیانی تانەیان هێنابوو))[10] . (2017: 122/1).

ئەمین زەکی بەبێ ئەوەی ناوی ئەو سەرچاوەیە بنوسێت کە سوودی لێوەرگرتووە باسی شادبوونەوەی سەڵاحەدین دەکات بە باوك و برا و خزمانی، ئاماژە بەوە دەکات کە پۆستی وەزارەتی پێشکەش بەباوکی دەکات، بەڵام باوکی قبوڵی ناکات و دەڵێت: (( ئەگەر تۆ لایەق نەبوویتایە، خوا ئەمەی نەئەدایتێ)). (2021: 771/2).

دوای خوێندنەوەمان بۆمان دەرکەوت ئەوەی مێژوونووسانی کورد باسیان کردووە هاوشێوەی ئەو زانیارییانەیە کە لەسەرچاوە ڕەسەنەکاندا هاتووە.(ابن خلکان، 1978: 1/ 258؛ ابن واصل، 1953: 186/1). هەروەها بدلیسی ئایەتێکی هێناوەتەوە بۆ باسکردنی دیمەنی شاد بوونەوەی سەڵاحەدین بە باوکی دەکرێت ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مێژوونووس کەسێکی خواپەرست بووە و هەستی ئاینی تێکەڵ بە نووسینەکانی کردووە کە بە پێچەوانەوە ئەم دیاردەیە لای ئەمین زەکی بە دیناکرێت.

لە سەرەتای حکومڕانی سەڵاحەدیندا چەند کێشەو گیروگرفتێکی ڕووبەڕوو بۆوە، کە لە مانگی(ذی القعدة)ی ساڵی (564ك/ 1169ز) (مؤتمن الخلافة جوهر) کە بە سەرپەرشتیاری کاروباری کۆشکی خەلیفە دادەنرا پەیوەندی بە خاچپەکانەوە کردو پلانی ئەوەی دارشت کە هاوکاریان دەکات بۆ ئەوەی بێن و میسر داگیر بکەن، بەڵام سەڵاحەدین بەم کارەی زانی و توانی ئەم کابرایە بکوژێت و سەرکەوێت بەسەر شوێنکەتووانیدا. (ابن الأثیر، 2003 : 19/10؛ ابی شامە، 2002: 86/2). کە ژمارەی شوێن کەوتووانی(مؤتمن الخلافه) بە پەنجا هەزار کەس دادەنرا کە بەشێکی زۆریان لێکوژراو پاشان ئەوانەی کە مانەوە لەلایەن سەڵاحەدینەوە ڕەوانەی جیزە کران.(ابن کثیر، 1998: 434/16).

شەرەفخانی بدلیسی بە هیچ شێوەیەك باسی ئەم کێشەو گرفتانەی نەکردووە کە ڕووبەڕووی سەڵاحەدین بوونەتەوە. بەڵام ئەمین زەکی بە شێوەیەکی تەواو ئاماژەی پێداوەو بە ووردی باسی دەکات و دەڵێت: ((موئتەمینی خەلافە بە لەشکری سوودان کە پەنجا هەزار کەسێك بوو، پشت ئەستوور بوو)).(2021: 2/ 772). پاشان ئەمین زەکی هاوشێوەی سەرچاوەکانی پێش خۆی باسی ڕۆڵی(شمس الدولە تورانشاە)ی برا گەورەی سەڵاحەدین دەکات لە سەرکەوتنی بەسەر پاشماوەکانی(مؤتمن الخلافه) و کۆتای پێهێنانیان. هەروەها ئاماژە بەوە

دەکات کە سەڵاحەدینی ئەیوبی(بهاالدین قراقوش)[11] ی کرد بە(مؤتمن الخلافه). (ابن خلدون، 2000: 5/ 332؛ الحنبلی، 1996: 97-98؛ 2021: 772/2).

سەڵاحەدین کاتێك بوو بەوەزیر چەندین قوتابخانەی بنیاتنا کە یەکێك لەوانەی(المدرسة الناصرية)یە لە ساڵی(566ك/ 1171ز) لە قاهیرە دایمەزراند، کە بە یەکەم قوتابخانەی سونیدا دەنرێت لە شارەکەدا.(محمد، 2021: 44)، هەروەها قوتابخانەیەکی تری بۆ فەقێیانی مەزهەبی مالیکی دروستکرد بە ناوی(مدرسة القمحية) هۆکاری ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە جیاتی پارە دانەوێڵەی گەنم بەسەر مامۆستاکانیدا دابەش دەکرا(ابن واصل، 1953: 1/ 198). ئەمین زەکی بەگەڕانەوەی بۆ یەکێك لە سەرچاوەکان باسی ئەم بابەتەی کردووەو دەڵێت: ((سەڵاحەدین قاضیانی شیعەی میسری لابردوو لە جێگەی ئەوان قاضیی شافیعیی دانا)). (ابن الاثیر، 2003: 10/ 31-32؛ 2021: 772/2).

## 3- کۆتایی خیلافەتی فاتیمی و بوونی سەڵاحەدین بەدەسەڵاتداری میسر:

نورەدین زەنگی نامەیەکی بۆ سەڵاحەدین ڕەوانەکردو فەرمانی پێکرد بە ناوی خەلیفەی عەباسی( المستضیء بامرالله) ووتار بخوێنرێتەوە لە ووڵاتی میسر(العینی، 2010: 1/ 69).

سەڵاحەدین ئەم فەرمانەی زۆر بەدڵ نەبوو، چونکە لە هەڵگەڕانەوەی شیعە مەزهەبەکانی دانیشتووی میسر دەترسا، بەڵام نورەدین پێداگیربوو لەسەر بڕیارەکەی، دەوترێت: ((خەلیفەی عەباسی ئەمری بەنورەدین کردبوو)). (الحنبلی، 1996: 100) بۆیە سەڵاحەدینیش فەرمانەکەی نورەدینی جێ بەجێکردو لە یەکەم هەینی(محرم 567ك/ ایلول 1171ز) لە شاری(الفسطاط) ی میسر وتار بەناوی خەلیفەی عەباسیيەوە خوێنرایەوەو لە هەینی دووەم لە شاری قاهیرە و هەموو مزگەوتەکانی ووڵاتی میسر ووتار بەناوی خەلیفەوە درا. (ابن کثیر، 1998 : 450/16؛ الشامی، 1985: 155). بدلیسی بەهیچ شێوەیەك باسی ئەم بابەتەی نەکردووە. ئەمین زەکی بەبێ ئەوەی ناوی ئەو سەرچاوەیە بهێنێت کە زانیارییەکانی لێوەرگرتووە، باسی ئەم بابەتەی کردووە، بەڵام ڕۆژو مانگی ووتاردانەکەی دیاری نەکردووە تەنها دەڵێت: ((سوڵتان نورەدین بۆ خوطبە خوێندنەوە بەناوی خەلیفەی عەباسییەوە زۆر ئیلحاحی کرد.. بەڵام مەلیك ناصر هەڵەشەی نەکرد.. مەجلیسێکی ئیستیشارەی کۆکردەوە و موذاکەرەی لەگەڵ کردن و لە پاشدا لە سەر قەراری مەجلیس خوطبە.... خوێنرایەوە)).(2021: 774/2).

ئەوەی پەیوەستە بە مردنی خەلیفە عازیدەوە، مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە(10محرم 567ك/ 13 ایلول 1171ز) بەهۆی نەخۆشییەوە مردووە.(ابن تغری بردي، 1992: 6/ 7؛ قاسم، 2009: 36).

دەربارەی هۆکارەکانی مردنی خەلیفە عازید بەشێك لە مێژوونووسان ڕای جیاوازیان هەیە (البیومی) دەڵێت: ((بۆخۆی خۆی کوشتووە...)). (2008: 98) یان دەوترێت کاتێك هەواڵی ووتاردان بەناوی خەلیفەی عەباسییەوە دەگاتە عازید بەو هۆیەوەیە نەخۆش دەکەوێت یاخود نەخۆش بووە لەو کاتەداو نەخۆشییەکەی زیاد دەکات و دەمرێت. (الحنبلي، 1996: 100).

بدلیسی بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی زانیاری یەکانی بەشێوازێکی پوخت و وورد باسی مردنی عازید دەکات و تەنانەت ڕۆژو مانگەکەشی دیاری دەکات بەوەی کە لە ڕۆژی عاشورا دا مردووە.(2017: 123/1). بەڵام ئەمین زەکی تەنها ساڵی مردنەکەی دەنوسێت و ڕۆژو مانگی وەفاتەکەی دیارینەکردووە، هەروەها دەربارەی هۆکاری مردنەکەی هاوشێوەی زۆرینەی مێژوونووسان دەڵێت: ((خەلیفە عازید بەهۆی نەخۆشی یەوە مرد پێش ئەوەی بزانێ ووتار بەناوی یەوە هەڵگیراوە)). (ابی شامە، 2002: 2/ 124؛ الحنبلی، 1996: 100؛ 2021: 774/2).

لە دوای مردنی عازید و تەواوبوونی تەعزیەکەی مەلیك ناصر هەستا بە دابەشکردنی خەزێنەو سامانی کۆشکی خەلافە بەسەر میرودەسەڵاتدارو هەژاراندا، پاشان پیاوان و ژنانی بنەماڵەی خەلیفەی لەیەکتر جیاکردەوە تا زاوزێ یان زیاد نەبێت. (ابن تغري بردي، 1992 : 18/6؛ الصلابي، 2008: 226). بدلیسی بەگەڕانەوەی بۆسەرچاوەی زانیارییەکانی بە ووردی باسی ئەم بابەتەکەی کردووەو لە زاری (الیافعی)(م768ك/ 1266ز)یەوە دەڵێت: ((هێندێك لەو شتە هەرە چاکانەی لە خەزێنەی عازیدەوە کەووتوونە دەس سەڵاحەدین بریتی بوون لە دارعەسایەك لە زمرووت و سەد هەزار بەرگ کتێبی بە نرخی خەتخۆش)). (1997: 286/3؛ 2017: 1/ 123)، دوای خوێندنەوەمان بۆ مێژووی(الیافعی) بۆمان دەرکەوت کە شەرەفخانی بدلیسی بابەتەکەی بە تەواوی وەکو خۆی نەگواستۆتەوە. هەرچی ئەمین زەکییە بە بێ ناوهێنانی سەرچاوەی زانیارییەکانی بە کورتی و پوختی باسی ئەم بابەتەی کردووە.(2021: 775/2).

کاتێك هەواڵی ڕووخانی خیلافەی فاتیمی بە نورەدین زەنگی گەیشت، وەفدێکی نارد بۆ بەغدا بۆ لای خەلیفەی عەباسی و مژدەی ئەوەی پێدا کە ئێستا لە میسر ووتار بە ناوی خەلیفەی عەباسییەوە دەخوێنرێتەوە.(ابی شامە، 2002: 132/2؛ اليافعی، 1997: 286/3)، کە لە ساڵی(359ك/ 969ز)وە لەو کاتەوەی فاتمیەکان دەستیان بەسەر میسردا گرت ووتار بە ناوی خەلیفەی عەباسییەوە هەڵگیرابوو.(ابن کثیر، 1998: 450/16).

مێژوونووسانی کورد بەهیچ شێوەیەك ئاماژەیان بەم باسە نەکردووە. سەبارەت بەساردی نێوان سەڵاحەدین و نورەدین، زۆرینەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان پێداوەو هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کاتێك نورەدین لە ساڵی(567ك/ 1171ز) فەرمان بە سەڵاحەدین دەکات هێرش بکاتە سەر فەڕەنگەکان، بۆیە سەڵاحەدینیش لە میسرەوە دەڕوات و لە بەرامبەر قەڵای (الشوبك) لە فەلەستین جێگیر دەبێت، بەمەبەستی گرتنی ئەو ناوچانەو سەرکەوتن بەسەر خاچپەرستاندا.(ابن الاثیر، 2003: 35/10؛ الشامی، 1985: 156). لەو کاتەدا هەواڵی بەرێکەوتنی لەشکری نورەدین دەگاتە سەڵاحەدین، بۆیە هاوەڵانی سەڵاحەدین پێی دەڵێن: ((کاتێك فەڕەنگەکان لە نێو بچن، سنوور لە نێوانتاندا نامێنێتەوە، بۆیە نورەدین پێگەیەك بۆ تۆ لە میسر ناهێڵێتەوە...)). (ابن الاثیر، 2003: 36/10)، بۆیە سەڵاحەدینیش گەڕایەوە میسرو نامەیەکی لێبوردنی بۆ نووسی کە بەهۆی نائارامی میسرەوە گەڕاوەتەوە، بەڵام نورەدین پاساوەکەی سەڵاحەدینی قبوڵ نەکرد وبڕیاریدا هێرش بکاتە سەر میسر. (ابن تغري بردي، 1992: 20/6).

بدلیسی باسی هۆکاری ناکۆکییەکەی نەکردووە تەنها بە دێڕێك و بەبێ ناو هێنانی سەرچاوەی زانیارییەکانی دەڵێت: ((لەبەر چەند هۆیەك نورەدین مەحموود دڵی ئێشاو تەنانەت ویستی بەرەو میسر بڕواو بچێ یەکێکی تر لە جێی دابنێ)).(2017: 1/ 123).

ئەمین زەکی بەبێ ئەوەی ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکات کەسوودی لێ بینیووە باسی ئەم بابەتەی کردووە و دەڵێت: ((.. لە دوای گەڕانەوەی مەلیك لە قەڵای شۆبەك، سوڵتان نورەدین ڕووی کردە میسرو ویستی بیگرێ)).(2021: 2/ 776). دەکرێت بڵێین باسەکەی ئەمین زەکی زیادەڕەوی پێوە دیارە بەوەی کە لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە نورەدین بڕیاردەدات هێرش بکاتە سەر میسر نەك ڕووی کردبێتە میسر.(ابن تغري بردي، 1992: 20/6؛ محمد، 2021: 54).

ئەم هەواڵە بە سەڵاحەدین دەگات ئەویش خزم و کەس و کارەکەی کۆدەکاتەوەو لەو بارەیەوە ڕاوێژیان پێدەکات، لەو کاتەدا(الملك المظفر تقی الدین عمر)ی برازای هەڵدەستێت و دەڵێت: ((ئەگەر نورەدین بۆ ئێرە بێت شەڕی لەگەڵ دەکەین و ڕێگە لەوە دەگرین دەست بگرێت بەسەر شارەکانی میسر)).(ابی شامە، 1999: 163؛ الحنبلي، 1996: 105). (نجم الدين ايوب) ئەم قسەیەی پەسەند نەکردو تووڕە بوو ڕووی کردە سەڵاحەدین و گوتی: ((من باوکم و ئەم شەهابەدینەش خاڵتە .. ئەگەر نورەدین ببینین چارەیەك نییە جگە لەوەی مل کەچ بین بۆی .. ئەگەر بیەوێت لەسەرکار لاتبدات بڕیارەکەی جێ بەجێ دەکەین.. بۆیە پێویستە نامەیەکی بۆ بنێری و مل کەچی و گوێڕایەڵی خۆتی بۆ دەربخەیت...)). (العینی، 2010: 1/ 97؛ عاشور، 1965: 98). دوای ڕۆشتنی خزم و کەسانی،(نجم الدين ايوب) لەگەڵ سەڵاحەدین بەتەنیا مایەوە و پێی گوت: ((تۆ کەسێکی نەزانی و زانیاریت کەمە، ئەگەر نورەدین ئەمە ببیستێ، هێرش دەکاتە سەرمان و میسر دەگرێت و دەسەڵاتەکەمان لێ وەردەگرێت و پلان و خەونی داهاتوومان لە ناو دەبات)).(ابن تغري بردي،1992: 20/6)، سەڵاحەدینیش ئەوەی باوکی گوتی هەمووی جێ بەجێکرد بۆیە نورەدینیش لە هێرشەکەی بۆ سەر میسر پاشگەز بووەوە.(ابن الاثیر، 2003: 36/10). مێژوونووسانی کورد گرنگی زۆریان بەم بابەتە داوەو پشتگوێیان نەخستووە، بدلیسی بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەك بکات کە زانیاری لێوەرگرتووە هاوشێوەی مێژوونووسانی هاوچەرخی ئەیوبی، بە شێوەیەکی فراوان و بە زیاتر لە دوو لاپەڕە باسی ئەم بابەتە دەکات و بە شێوازی شیعر ئاماژە بە ملکەچی سەڵاحەدین بۆ نورەدین دەکات. (2017: 1/ 123-125)، هەروەها کتێبی خولاصە بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەی زانیارییەکانی بە کەمتر لە لاپەڕەیەك باسی ئەم بابەتەی کردووە، بەڵام لە جیاتی ناوهێنانی(تقی الدین عمر) نووسراوە: ((..یەکێ لە ئەعضای مەجلیس)).(زەکی، 2021: 776/2).

مێژوونووسانی کورد ئاماژە بە مردنی(نجم الدين ايوب)ی باوکی سەڵاحەدین دەکەن. بدلیسی دەڵێت: (( ساڵی ( 568ك/ 1172ز) نەجمەدین ئەیوب لە سەر ئەسپ گلاو چەند ڕۆژێك بەدەردو ژانەوە تلاوتلی داو سەرئەنجام مەرگی لە چارە نووسرا)).(2017: 126/1). هەرچی ئەمین زەکییە بەبێ ئەوەی ساڵی ڕووداوەکە بنوسێت ئاماژە بەوە دەکات کەلە دوای چەند ڕۆژێك لە گلانی لە سەر ئەسپ مردووە.(2021: 776/2). هەرچەندە بدلیسی و ئەمین زەکی ناوی ئەو سەرچاوانەیان نەهێناوە کە زانیارییەکانیان لێ وەرگرتوون، بەڵام دوای خوێندنەوە بۆمان دەرکەوت کە زانیارییەکانیان هاوشێوەی سەرچاوە ڕەسەنەکانە.(ابی شامە، 2002: 162/2؛ ابن کثیر، 1998: 16/ 464؛ ابن خلدون، 2000: 334/5).

لە کۆتایی توێژینەکەماندا بۆمان دەردەکەوێت، ئەمین زەکی بە شێوەیەکی فراواتر لە بدلیسی باسی ئەیوبییەکانی کردووە و بە شێوازێکی پوخت لە ژێر ناونیشانی دیاریکراودا باسەکانی خستۆتە ڕوو. وە جێگەی باسکردنە ئەمین زەکی بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەتی زانستی پاراستووە بەوەی کە زۆرینەی جار ناوی ئەو سەرچاوانەی هێناوە کە سوودی لێوەرگرتوون لە کاتێکدا کە بدلیسی بە دەگمەن ناوی ئەو سەرچاوانەی هێناوە کە سوودی لێوەرگرتووە. هەروەها هەردوو مێژوو نووس کاتی ڕووداوەکانیان بە ووردی تۆمار نەکردووە بە بەڵگەی ئەوەی کە تەنها ساڵی ڕووداوەکانیان نووسیووە و گرنگییان بە نووسینی ڕۆژ و مانگەکان نەداوە.

## دەرئەنجام

لە کۆتایی نووسینی توێژینەوەکەماندا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو کتێبی شەرەفنامە و خولاصە بە شیوەیەکی گشتی بایەخیان بە مێژووی ئەیوبیەکان داوە،هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی بنەماڵەکەیانەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان و پاشان ڕووخانی.
2. مێژوونووسانی کورد لە نووسینی کتێبەکانیاندا پشتیان بەستووە بە زانیاری یەکانی مێژوونووسانی پێش خۆیان، دیارە ئەمەش بە هۆی دووری سەردەمەکەیانەوە بووە لە ئەیوبیەکانەوە.
3. مێژوونووسانی کورد بە شێوەیەکی گشتی وەکو خۆی و بەبێ دەستکاری زانیارییەکانیان گواستۆتەوە و بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ڕای خۆیان لە سەر دەقەکان خستۆتە ڕوو.
4. مێژوونووسانی کورد تەنها پشتیان بە سەرچاوە ڕەسەنەکان نەبەستووە بۆ نووسینی پەرتووکەکانیان بەڵکو زانیارییەکی زۆریان لە ژێدەر و سەرچاوە لاوەکی یەکان وەرگرتووە.
5. زۆر جار مێژوونووسانی کورد زانیارییەکی زۆریان خستۆتە ڕوو بە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکانیان بکەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمین زەکی زیاتر ئاماژەی بە سەرچاوەی زانیارییەکانی کردووە بە بەراورد بە شەرەفخان.
6. مێژوو نووسانی کورد بە شێوازێکی کورتبڕی زانیارییەکانیان باسکردووە و بە میتۆدێکی چڕ و پوخت بابەتی ئەیوبیەکانیان نووسیووە.
7. مێژوونووسانی کورد بە شێوەیەکی گشتی باسی لایەنی سیاسی و سەربازی ئەیوبیەکان کردووە و بە دەگمەن ئاماژەیان بە لایەنەکانی تر کردووە.

## پەراوێزەکان

1- شادی: ناوێکی کوردی یە، لە سەرچاوەکان دا بە شاذی یان شادی دێت بەڵام ئەوەی دووەم یان ڕاستە کە بەواتای دڵخۆشی دێت. (الزبیدی، 1983: 36؛ السلیفانی، 2012: 47)

2- قەڵای تکریت: دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە لە نێوان هەردوو شاری بغدا و موسڵ دایە.(قلعجی ، 1992: 152)

3- مجاهدین بهروز( م 540ك/ 1145ز) بە (جمال الدولە) ناسراوە لە سەردەمی سوڵتان مەسعودی سەلجوقی کرا بە(شەحنە) واتە بەرپرسی پۆلیس یان پارێزگاری شار لە بەغدا و شاری تکریت یشیان پێ بەخشی (ابن تغری بردی، 1992: 5/197؛ فەتحوڵڵا، 2015: 22).

4- بەعلەبەگ: شارێکی دێرینە لە وولاتی سووریا، خاوەنی شوێنەواری دێرین و خانوو بینای ناوازەیە، (12فەرسەغ / 72کم) لە دیمەشقەوە دوورە( یاقوت الحموي، 1977: 1/453).

5- شاهانشاە: ناوی (الأمیر نورالدولە)ی کوڕی نەجمەدین کوڕی شادی یە برا گەورەی سەڵاحەدین بووە، لە ساڵی(543ك/ 1148ز) لەبەرگری کردن لە شاری دیمەشق کوژرا(ابن خلکان، 1977: 2/ 452).

6- گۆوگۆجان: یاری یەکی کۆنی ڕۆژهەڵاتی یە، کە تیایدا یاریکەران بەسواری ئەسپەوە و بە گۆچانی درێژ لە تۆپێکی دارین دەدەن(جب، 1996 :118 ؛ حوسێن، 2012: 16)

7-فوسطاط: یەکەم شارە کە موسوڵمانان لە میسر دایانمەزراندووە، دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری نیلەوە بە میسری دێرین و قاهیرەی کۆنیش ناسراوە.(یاقوت الحموي، 1977: 4/ 264)

8- بلبيس: شارێکی کۆنی پارێزگای شەرقیەی میسرە. دەکەوێتە سەر ڕێگای شام و(10 فەرسەغ واتە 60کم) لە(فوسطاط) دوورە. (ياقوت الحموي، 1977: 479/1؛ زەکی، 2021: 2/ 766).

9- البابين: ناوچەیەکە دەکەوێتە دۆڵی(الغزلان) لە نێوان شاری قاهیرە و ئەسکندەریە.(ابن خلكان، 1977 : 2/ 479).

10- السورة ((يوسف)) الاية 84.

11- بهاالدين قراقوش: ناوی(ابو سعيد قراقوش بن عبدالله الاسدي)یە، خزمەتکاری(اسدين شيركۆ) بووە، دوای ئەوەی سەڵاحەدین دەبێتە وەزیر دەیهێنێتە لای خۆی و متمانەی پێدەدا.(ابن خلكان، 1977: 4/ 91).

## سەرچاوەکان:


بدلسی، شەرەف خان کوڕی شەمسەدین، 2017، شەرەفنامە، وەرگێڕان: سەڵاحەدین ئاشتی، سەقز: چاپخانەی گوتار.

ابن الاثير، عزالدين أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد الجزرى، 1963، التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية، تحقيق: عبدالقادر أحمد طليمان، القاهرة: دار الكتب الحديثة.

ابن الاثير، عزالدين ابي الحسن على بن أبي الكرم محمد بن محمد الجزرى، 2003، كامل في التاريخ، تحقيق: محمد يوسف الدقاق، ط4، بيروت: دارالكتب العلمية.

الأصفهاني، عمادالدين أبي حامد محمد بن محمد، 2002، البستان الجامع لجميع تواريخ اهل الزمان، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، بيروت، المكتبة العصرية للطباعة والنشر.

الأصفهانى،عمادالدين أبي حامد محمد بن محمد،2004،الفتح القسي في الفتح القدسي حروب صلاح الدين وفتح بيت المقدس، القاهرة: دار المنار.

البنداري، فتح بن علي، 1979، سنا برق الشامي، تحقيق: فتحية البنداوي، مصر: مكتبة الخانجي.

ابن تغري بردي، يوسف بن عبدالله الحنفى،1992،النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، تحقيق: محمد حسين شمس الدين،بيروت: دارالكتب العلمية.

الحريري،سيدعلي، 1985، الأخبار السنية في الحروب الصليبية،ط2، القاهرة: الزهراء للأعلام العربي.

االحنبلي، احمد بن ابراهيم بن نصرالله، 1996، شفاء القلوب في مناقب بني أيوب، تحقيق: مديحة الشرقاوى، مصر: دار المناهل للطباعة.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد الاشبيلى المالكى، 2000، تاريخ ابن خلدون، تحقيق: خليل شحادة و سهيل زكار، بيروت: دار الفكر.

ابن خلكان، أبي العباس شمس الدين أحمد بن محمد بن ابى بكر، 1978، وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، بيروت: دار صادر.

الزبيدي، المرتضى، 1983، ترويح القلوب فى ذكر الملوك بنى أيوب، تحقيق: صلاح الدين منجد، ط2، بيروت: دار الكتب الجديد.

سبط ابن الجوزى، ابو مظفر شمس الدين يوسف بن قزاو غلي،2013، مراة الزمان في تاريخ الاعيان، تحقيق: ابراهيم الزيبق، بيروت، دار الرسالة العلمية.

السبكى، تاج الدين ابى نصر عبدالوهاب بن على بن عبدالكافي، 1918، طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق: محمود محمد التناحى و عبدالفتاح محمد، القاهرة: دار الاحياء الكتب العربية.

ابى شامة، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي، 1992، عيون الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تحقيق: أحمد البيومي، دمشق: منشورات وزارة الثقافة.

ابى شامة، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي، 1999، مختصر كتاب الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تحقيق: محمد بن حسين بن عقيل موسى الشريف، ط2، جدة: دار الاندلس الخضراء.

ابى شامة، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي، 2002، الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، بيروت: دار الكتب العلمية.

ابن شداد، ابو المحاسن يوسف بهاالدين بن رافع بن تميم بن عتية الأسدي الموصلي، 2015، النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية = سيرة صلاح الدين الايوبى، مصر: مؤسسة هنداوي.

احمد الشنتاوى و اخرون، 1998، دائرة المعارف الاسلامية، مصر: مركز الشارقة.

ابن العبري، غريغوريس أبى الفرج بن أهرون الملطي، 1997، تأريخ مختصر الدول، تحقيق: خليل المنصور، بيروت: دار الكتب العربية.

ابن العديم، ابو القاسم كمال الدين عمر بن أحمد بن هبة الله الحلبي، 1954، زبدة حلب من تاريخ حلب، تحقيق: سامي الدهان، دمشق: د.ط.

العينى، بدرالدين محمود، 2010، عقد الجمان في التاريخ أهل الزمان (العصر الايوبي)، تحقيق: محمود رزق محمود، ط2، القاهرة: دار الكتب والوثائق القومية.

ابو الفداء، عماد الدين اسماعيل بن على الايوبى، 1999، المختصر في اخبار البشر، تحقيق: محمد زينهم محمد غرب و يحى سيد حسين، القاهرة: دار المعارف.
ابن كثير، عماد الدين اسماعيل بن عمر بن كثير الشافعى، 1998، البداية والنهاية،تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركى، جيزة: هجر للطباعة والنشر و التوزيع والاعلان.
مؤلف مجهول، 2010، تاريخ دولة الاكراد والاتراك (تاريخ دولة الاكراد)، تحقيق: موسى مصطفى الهسنياني، دهوك: مطبعة جامعة دهوك.
المقريزي، تقي الدين ابى العباس احمد بن علي بن عبدالقادر العبيدى، 1997، السلوك لمعرفة دول والملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية.
ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم بن واصل، 1953، مفرج الكروب في اخبار بني ايوب، تحقيق: جمال الدين الشيال، مصر: المطبعة الأميرية.
ابن الوردي، زين الدين عمر بن مظفر، 1996، تاريخ ابن الوردي، بيروت: دار الكتب العلمية.
اليافعي، الامام أبي محمدعبدالله بن أسعد بن علي بن سليمان اليافعي، 1997، مراة الجنان و عبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان، تحقيق: خليل المنصور، بيروت: دار الكتب العلمية.
ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله، 1977، معجم البلدان، بيروت: دار الصادر.

بيومى، على، 1952، سەڵاحەددینی ئەیوبی تێکشکێنەری خاچپەرستانی دوژمنکار، وەرگێڕان: محمد حسن سەرگەینێلی،هەولێر، مگبعە التفسیر.
توفیق، زرار سەدیق، 2013، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چ3، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
حوسێن، موحسین محەمەد، 2012، ژیننامەی پیاوە درەوشاوەکە سەڵاحەددینی ئەیوبی، وەرگێڕان: عەبدو ڕەزاق بیمار، چ2، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.
زەکی،محەمەد ئەمین، 2021، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، پێداچوونەوە: حوسامەدین نەقشبەندی و ئەوانی تر، تاران، ب.چ.
زەینەل، ئاراس فەریق، 2012، سەڵاحەدینی ئەیوبی و بەرگری لە جیهانی ئیسلامی، ب.ش، چاپخانەی ڕێ نوێ.
الصلابی، علي محمد، 2008، صەلاحەدینی ئەیوبی، وەرگێڕان: جەمیل قادر، بیروت: دار الفکر.
عاشور، سەعید عەبدولفەتاح، 2014، مێژووی ئەیوبی و مەمالیك لە میسر و شامدا، وەرگێڕان: زرار عەلی، سلێمانی: چاپخانەی پەیوەند.
فەتحوڵڵا، کامەران عەلی، 2015، سەلاحەدینی ئەیوبی لە نێوان دڵسۆزی لایەنگرانی و ڕەخنەی ناحەزانی، ئامادەکردنی: یوسف صابر مولود، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
قەفتان، ساڵح، 2009، سێ لێکۆڵینەوەی مێژووی، سلێماتی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
محمد، ئاکۆ بورهان، 2021، مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
بيلى، أحمد، 1926، حياة صلاح الديت الايوبي، ط2، مصر:المطبعة الرحمانية.
جب، السير هاملتون، 1996، صلاح الدين الايوبى، تحرير: يوسف ايبش، ط2، بيروت: المطبعة بيسان.
زكي، محمد أمين، 2006، مشاهير الكرد و كردستان، ترجمة: سانحة زكي بك، ط2، دمشق: دار الزمان.
السليفانى، مهدى صالح، 2012، الايوبيون في كتابات المؤرخين السريان، أربيل: موكرياني
سيد الاهل ، عبدالعزيز، 1964، أيام صلاح الدين، القاهرة، د.ط.
الشامى، أحمد، 1985، تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب في العصور الوسطى، القاهرة: دار النهضة العربية.
شاندور، البير، 1988، صلاح الدين الايوبى البطل الأنقى فى الاسلام، تحقيق: نديم مرعشيلي، ترجمة: سعيد ابو الحسن، دمشق: طلاسدار.

عاشور، سعيد عبدالفتاح، 1965، الناصر صلاح الدين، القاهرة: الدار القومية للطباعة والنشر بيروت.

عمر و حسين، فاروق و محسن محمد، 1987، تاريخ فلسطين في العصور الاسلامية الوسطى، بغداد: دار الحكمة.

قاسم، قاسم عبده، 2009، الدولة الايوبية في مصر، مصر: المطبعة نهضة مصر.

قلعجى، قدري، 1992، صلاح الدين الايوبى قصة الصراع بين الشرق والغرب،بيروت: شركة المطبوعات للتوزيع والنشر.

لين بول، استانلى، 1969، طبقات سلاطين الاسلام، ترجمة: مكى طاهر الكعبى، بغداد: مطبعة البصرى.